# قه یرانی لوبنان له گه مه ی ستراتیجی نێوده وڵه تی ... شه یدا بلّباس

له ڕووبه رێکی بچوکی جوگرافیا، هه ڤده تایفه له سنووریووڵاتێکدا، که فره نه ته وه یی و ئاییینی و ئاییینزا له خۆده گرێت.. سیسته مێکی دیموکراسی و نیمچه فیدرالی، له ژێرخانی ئابووری دارماو.. به هۆی کێشه ی ناوه کی و ده ستێوه ردانی ده ره کی، نه ته وایه تی و ئاییینی، ته نها له سنوورێکی دیاریکراوی نه خشه و پاسه پۆرت و دراو، له ژێر ئالآیێک کۆیانده کاته وه که ناوی لوبنانه.

خه ڵکێکی ڕووخۆش و به خته وه ر و ئه هلی سه فا، ڕۆشنبیر و توندڕه و له ووڵاتێکی نه کشتوکاڵی و پیشه سازی و بازرگانی، به هۆی تووشبوونی قه یرانی سیاسی و سه ربازی 75٪ی دانیشتووانی کۆچیان کردووه و تاراوگه بۆته دووه م ووڵاتی ژیانیان. سه رژمێری دانیشتووانی خۆی له سێ ملیۆن که س ده دات، که 11٪ی کوردن. سنووری له باشوور به ئیسرائیل و باکور و ڕۆژهه ڵاتی به سوریا و ڕۆژئاوای به که ناری ده ریای میدیتیریانه وه به نده.

لوبنان زاده ی پاشمه رگی ئیمپراتۆری عوسمانیه، واته له دابه شکردنی سایکس - بیکۆ، که تائه و کاته به شێک بوو له شام و به چیای لوبنان ناسرابوو. ڕۆژئاوا به هۆی توندڕه وی ئیسلام و شۆفێنیستی ئه ره بی له ناوچه که دا، وه ک په ناگه یێک بۆ پاراستنی کریستیان و غه یره ئه ره ب له ناوچه که، لوبنانیان جیاکرده وه. به ڵام له دوای هه ڵگیرسانی ئاگری شه ڕی نێوان فه له ستین و ئیسرائیل، که ئه ره ب له ڕوانگه ی نه ته وه یی و ئاییینی ڕووبه ڕووی وه ستان، هه میشه لوبنانیش وه ک ته نێکی نزیک به کووره ی ئاگری قه یران، پروشکی به رکه وتووه.

له دوا قه یرانی به ر له ئێستای که به ڕاکردنی میشیل عۆن و تا هاتنی ڕه فیق حه ریری بۆ سه ر کورسی سه رۆک وه زیری کۆتایی پێهات؛ لوبنانێکی وێرانکراوی خسته سه رساجی عه لی. ئه مجاره یان ته واوی پێکهاته کانی خۆیان کورتکرده وه له سێکوچکه ی [ کریستیان، سوونه، شیعه ] و هه موو پۆستی فه رمانڕه واییان به سه ر ئه م سیسته مه تازه یه دابه شکرد، به ڕێکه وتنێکی تێکڕایی، هه ر چه نده له به ر کیانی هه یبه تی سه ربازی و سیخوڕی سوری به نیمچه داگیرکراوی مایه وه تا به ندی 1959ی UN بۆ ده رکردنی سوریا له خاکی لوبنان.. که کوشتنی حه ریری بووه به ڵگه یێک بۆ پاساوی ده ربه ڕانی له لایه ن ڕۆژئاواوه.

له کاتی شه ڕی ناوه خۆی لوبنان، که له نێوان ئیسلام و کریستیان به رپابوو، لوبنان بووبه دووله ت ڕۆژهه ڵات به ر کریستیان و ڕۆژئاواش به ر ئیسلام که وت.. شه ڕه خوێناویه که یان چووه ناو قۆناغێکه وه تا ووڵاتانی ئه ره بی به ره زامه ندی ڕۆژاوا داوا له سوریا بکه ن بۆ چوونه ناوخاکی لوبنان بۆ کپ کردنه وه ی باری شێواوی ئه و ئاژاوه ی که خه ریکبوو له قه باره ی خۆی بترازێت تا باری ئاسایشی بگه ڕێته سه ر دۆخی پێشووی. به چوونه له شکری سوریا بۆ ناو خاکی لوبنان، له ڕووبه ڕووبوونه وه ی له شکری ئیسرائیل له باشوور، جارێکیتر لوبنانی له تکرده وه بۆ باشووری داگیرکراوی ئیسرائیل و باکوری ژێرده سته ڵاتی سوری. تا هاوینی ساڵی دووهه زار ئیسرائیل به ته واوه تی پاشه کشێی به سوپای سه ربازی له باشووری لوبنان کرد. به ڵام له شکری سوریا جێی پێی خۆی داکوتا، له ووڵاتانی ئه ره بی له بارته قای مانه وه ی دراوی وه رده گرت و وه ک زه رووش ئابووری لوبنانی هه ڵده لۆشی.

ئێران به دروستکردنی حزب الله هاته ناو هاوکێشه که و له ڕقه به رایه تی کردنی بزووتنه وه ی ئه مه ل که سه ربه سوریابوون، له باشووری لوبنان کردیانن به گژ یه کترو که وتنه خوێنی یه کتر فرکردن.. تا ڕێککه وتن له سه ر ئه وه ی که ئه مه ل باڵی سیاسی بێ و حزبیش هێزی سه ربازی. که چی ده ستوه ردانی ئێران له کار وباری لوبنان حزب الله ی کرده ریمۆتێک و له خاوه ن ئیراده ی

خست، سوریاش ئه مه لی بۆ سیخوری ناو په رله مان به کارده هێنا، که ڕۆلی کریستیانه کان تاده هات کزتر ده بۆوه.

حزب الله به ده رچوونی ئیسرائیل له باشووری لوبنان که لاف لێدانی ده رپه ڕاندنی و فێزی توانایی له خۆبایی بکا، که به خه ونی به رزه فڕی و خۆپۆشته کردن به موشه کی ئێرانی له قه واره ی حیزبایه تی ده ربچێت، به کۆکردنه وه ی تایفه ی شیعه له شه قامی لوبنان و ووتاری له قه واره زللتر وای لێکرد که له و دیو چاویلکه ی حه سه ن نه سروللاوه له تارمایی ده وروبه ر بڕوانن و هاوکێشه سیاسیه کان له ستراتیجی نێوده وڵه تی تاوتۆبکه ن.

ده وڵه تی لوبنان له سه ر باج و کرێی خزمه تگوزاریه کان ده ژیت، که هیچ سه رچاوه ێکی ئابووری گرنگ نییه تا پشتبه ستی بێت، له هه مان کاتیشدا گه نده ڵی ئیداریی تا سه ر ئێسقان دایهاریوه. هه ر ئه مه ش بۆته هۆی سه ره کی مۆرانه کردنی ده ره کی و ده سته ڵاتی حزب الله له ناو حکومه تێک که لاواز له باری سه ربازی و داڕماو له ئابووری.

به ده رکردنی سوریا له لوبنان، حزب الله که وته هه وڵ و ته قه ڵای گه ڕان به دوای هه ر هه نجه تێک بۆ پێدانی شه رعیه تی دووباره گه ڕاندنه وه ی سوریا، چونکه ده یزانی هه ڕه شه ی ڕۆژئاوا بۆ سه پاندنی به ندی 1959 ده بێته چه ککردنیان و گه ڕانه وه ی هه یبه تی حوکمه تی لوبنان. له لایه کیتریشه وه قه یرانی حوکمه تی فه له ستین به دوای هه ڵبژاردنی حه ماس، توندڕه وی و تاکڕه وی به رامبه ر کێشه ی فه له ستین و ڕقه به رایه تی ئیسرائیل و ڕۆژئاوا، که ئێرانیش به هۆی زۆرهێنانی چه کی ناوکی و به رته سکبوونه وه ی قه واره ی سیاسی و به نبه ست گه یشتنی که ناڵی دبلۆماسی، که وته یاریێکی نوێوه، که ببێته پردی پشتگیری نێوان حه ماسی سوونه و حزب الله ی شیعه، هه ماهه نگی بسازێ و بچێته ناو سه نگه ری پشت په رده و ناڕاسته وخۆ هانیان بدات. بۆ ئیسرائیل به رنامه ی ناوکی ئێران تا زووتر له ناوبرێت چاکتره و ئه و سه رئێشه ی له کۆڵده بێته وه.. به ده ردی" مار ڕقی له سیر بوو، له کونی ده ری شین ده بوو". چونکه موساد ئاگای له پڕچه ککردنی حزب الله ی هه بوو، له لایه ن ئێران و سوریاوه؛ تا هه ر کاتێک ده ستوه شاندنی ئه مریکا ئاراسته یان بکرێت، ئه وانیش له ڕێی باشووری لوبنانه وه مه ترسی بۆ سه ر ئیسرائیل دروست بکه ن، بۆ هاوسه نگی هاوکێشه که. هه ر بۆیه ماوه ێک بوو ئیسرائیل بۆ لوتفێکی واده گه ڕا تابتوانێت حیزب الله له ڕه گ و ڕیشه هه ڵکێشێ و بزانێت توانای موشه که نێردراوه کانی ئێرانیشی بۆ ڕوون بێته وه. له لاێکیتریش ئه و بارگانه و لێکترازانی که ناڵی نێوانیان.

به دوای به سه رچوونی هه فته ی ئه و قه یرانه ی که به هۆی هه نجه تی ڕفاندنی دوو سه ربازی ئیسرائیلی، بووه ده رفه تێک بۆ هه ڵگیرسانی شه ڕه که.. ئه وا حزب الله ئه و دیواره ترسناکه ی شکاند و به هه زاران مووشه ک ده گرێته ناو خاکی ئیسرائیل و له به رامبه ریش ئیسرائیل لوبنانی وێرانکرد،که بۆ په نجا ساڵی ڕابردووی گه ڕانده وه. هه ردوولا به ئه قڵی [ شه لم؛ کوێرم، ده ستناپارێزم ] کارده که ن.. باجی قه یرانه که ش وه ک هه میشه که وتۆته سه رشانی چینی هه ژار. ئه مریکاش بانگه وازی دیموکراتیزه کردنی خۆرهه لاتی ناوین، ناتوانێ هه نگاو هه ڵێنێت تا ئیسلامی ئێران له ژیان دابێت. ئه وا گوێی بۆ ترپه ی چرکه ساتی مه ینه تێکی گه وره له گه ڵ لێدان و نزیکبوونه وه ی کۆتایی هێنانی سیسته مه دیکتاتۆری و توندڕه وی و سه ر هه ڵدان و گۆڕانی نه خشه ی نوێی خۆرهه ڵاتی ناوه ڕاستدایه، که لوبنان پێشپه رده که ی بوو.

ئه مجاره یان ووڵاتانی ئه ره بی خۆیان له گووره نه برد بۆ ئه و قه یرانه ی که حزب الله لوبنانی تێوه گلاند، چونکه ئێران و سوریا له و بڕوایه دابوون، که تێکڕای ووڵاتانی ئه ره بی و ئیسلامی گه له کۆمه له ئیسرائیل بکه ن و ئه مریکاش له پلانی خۆرهه لاتی ناوییني گه وره په شیمان بکه نه وه.. به سه رچوونی کاتیش یارمه تیده ر ده بێت تا ئێران هه رچی زووه به چه کی ناووکی بگاو ببێته به هانه

ی ئه وه ی که جیهانی ئیسلام بۆ به رگری له خۆکردن، ماف به ئێران بدا بۆ هه بوونی ئه م چه که کوشنده یه. به ڵام دیاره ئه وه له خه وه گورگێک زیاتر بڕی نه کرد! ڕێکخراوی نه ته وه یه کگرتووه کان و هه شت وولاتی زلی پیشه سازی و به یه کێتی ئه وروپیش، ته نانه ت کۆمکاری وولاتانی ئه ره بیش و روسیا و چینیشی بێته سه ر، ئاگاداری کۆتایی ئه و گه مه سیاسیه هه ن، که خه ریکه بۆن کروزی سووتانی زه وی ئاسمان هێربکات.. دوو یاریکه ره که ش هێشتا درێژه ی پێده ده ن و دیاره که ێ براوه ده بێت.

سه فا و مه روای لوبنانیه کانی ده ره وه ی وولاتیش که ساڵانه بۆ هاوینه هه وار ده گه ڕێنه وه. ئه مساڵ زیاتر له نیو ملیۆن گه ڕاونه ته وه. ئه مه ش رێژه ی هه ندێ له م وولاتانه ی که لوبنانییه کان لێوه ی هاتوون.

سیریلانکا هه شتا هه زار
که نه دا په نجا هه زار
فلیپین سی و حه وت هه زار
ئوستورالیا بیست و پێنج هه زار
ئه مریکا بیستو حه وت هه زار
به ریتانیا بیستو دوو هه زار
فه ره نسا پانزه هه زار
به نگلادیش دوانزه هه زار
هیند دوانزه هه زار
دانیمارک پێنج هه زار
سوێد پێنج هه زار
ئه ڵمانیا سێ هه زار